مەعێن لەماڵەوە فیشەک دائەگرێتۆ ! .... هەردی عەول

وتەکانی (تاهیر حەسەن) بەڕاستی سەرنج ڕاکێشبوو کە بەشێکی کەمی لە کوردستان نێتدا بڵاوکرابۆوە، زۆردەمێکە دەڵێین ئەمانە هەڵدەسورێنرێن بۆمەبەستێکیش درووستکراون، ئاخێرەکەی درکاندیان، دیارە تاهیر و هاوشێوەکانی کە تاکوو ئێستا نەیانتوانیوە مەرامی ئاغاکانیان بەدی بهێنن بۆیەکەوتونەتەهەڕەشە و گوڕەشە، ئەوەی تاکو ئەمڕۆ نەیانتوانیوە بە قسەکردن ودیالۆگ چارەسەری بکەن وجێگەو شوێنی خۆیان لەناو کۆمەڵدا بدۆزنەوە، ئەیانەوێ بەزەبری قازیفە بەسەر خەڵکی هەژار وبێدەرەتاندا فەرزی بکەن. هاوڕێ تاهیر باس لەخزمەتگوزاری، قازیفە، شووراکان، مزگەوت سووتاندن. بەیەکەوە دەکات ئاخر ئەم قسانە کەی هی خەڵکی موسالیم و ئینسان دۆستە، کەی ئینسانێک بەئاستەمیش مرۆڤی خۆشبووێ باسی قازیفەی ئار بی جی و خزمەتگوزاری بەیەکەوە دەکات.

کرێکاران و زەحمەتکێشان بۆچی لە هاوڕێکە یان ناپرسن ئەو قازیفانەمان لە کوێوە بۆ بە دیاری دەهێنێ ؟.

بۆچی لە هاوڕێ کەتان ناپرسن ئەو قازیفانەی لە کام کارگەوە پێگەیشتووە شیلەی گیانی کامە کرێکارە ؟، ئەیەوێ جەستەی کێی پێ هەنجن هەنجن بکات ؟.

قازیفەکانتان دیاری چ لایەنێکی دڵسۆزی کرێکارانە بۆ خەڵکی بەشمەینەت؟.

بۆچی ناپرسن ئاخۆ ئەبێ کێ دەستی لە پشتی تاهیر حەسەن دابێ بۆ ئەوەی ئەو هەڕەشەیەبکات ؟.

ئێمە وامانزانی تاهیر ئاقڵ بووە ماوەیەک لە ئەوروپا ژیاوە، کەگەڕایەوە خەباتەکەی ئەوەندەی دیکە ئاشتیخوازانەدەبێ، هەوڵ ئەدا منالان فێری کۆمپیوتەر بکات و گەورەکانیش فێری خۆشەویستی.

بەلام ناهەقی نییە، تاهیر بەدەست خۆی نییە دەبێ وابلێ.

نەرویج